# کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و
# ئازارەکانی قۆناغەکە...

ن/فایز سارە*
و/هێمن مەحمود

کوردەکان بەپێی گرنگترین کۆمەڵە یان چ لەڕووی ژمارەو چ لەڕووی نیشتەجێبونیان بەسەر چوار دەوڵەتی سەرەکیدا دابەشکراون کە ئەوانیش تورکیا و عێراق و ئێران وسوریان،بەلام ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت کە لەوڵاتانی دیکەدا نین،بەڵکو وڵاتانی دیکەش ڕێژەیەکی دیاریکراو کوردیان تێدایە وەك لوبنان کە هەزاران کوردی لیَ دەژی.

جگە لەو کوردانەی کە زۆرینەیان لەباکوری عێرقدان و خاوەن کیانێکی نیمچە سەربەخۆن،کوردانی وڵاتانی دیکە چ لەڕووی بلاوبونەوەی دیمۆگرافییەوە ئەو گردبونەوەیە کیانیە دروستناکەن و نیشانەکانی بەکیانبونیشیان نیە.

کارێکی لەم جۆرەش زۆر بەڕوونی لەلای کوردەکانی سوریا دەبینین،ئەوانەی کە ئامادەبونی سەرەکیان لەسەر هێڵی سنوری سوریا-عێراق و سوریا-تورکیا لە باکوری رۆژهەڵات و باکوری سوریا هەیە.

کوردەکانی وڵاتە سەرەکیەکان حیزب و کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری یان هەیە کە تەعبیر لەبونیان دەکات،بەلام ئەوە تەنها کوردەکانی عیراقە کە هێزێکی نیمچە سەربازی ڕاگەیاندراوی سەر بەهێزە سیاسیەکانی خۆیان هەیە بەتایبەتیش پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی ،و لەباکوری عیراقیش خاوەن ئیدارەیەکی سەربەخۆن لە چوارچێوەی عیراقیکی فیدراڵی کە پشت بەستوە بەو تەوافوقەی عیراقیەکان لەدوای روخانی سەدامەوە لەسەری ریککەوتون.

سەرەرای ئەوەی کوردەکانی ناوچەکە خاوەنی یەك خەمی هاوبەشن کە بنەرەتەکەی دەگەڕیتەوە بۆ تەماحی دروستکردنی کیانێکی کوردی یەکگرتووکە تەعبیر لە کەسایەتی کوردی و خەونەکانی بکات کە ئەمەش ئامانجێکی گشتی یە و گرنگترین کۆمەڵە کوردییەکان تەبەنی دەکەن.

کەچی کوردەکانی عیراق خەریکی ئیدارەدانی کیانەکەی خۆیانن،لە کاتێکدا کوردەکانی وڵاتانی دی ئەرکێکی جیاوازتری دیکەیان لەئەستۆیە یان لەوەی کوردەکانی عیراق زیاترە و داوای دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دەکەن وەك کوردەکانی تورکیا و بەم نزیکانەش کوردەکانی

ئێران، یان کەمترە وەك هەوڵی کوردەکانی سوریا ڕووە و وەدەستخستنی مافە سیاسی وڕۆشنبیرییەکانیان لەچوارچێوەی سوریادا بە پێی داواکانی گرنگترین کۆمەڵەی کوردی .
بەڵام هەوڵی کوردەکان لەهەمو حاڵێکدا بەڕێگایەکی ئاساندا تێنا پەڕێت، بەڵکو چەندین ئاستەنگی ڕاستەقینە دێتە ڕێگایان، ڕەنگە دیارترینیان ئەو ئاستەنگانە بێت کە پەیوەندی بەکوردەکان خۆیانەوە هەیە، ئەوانی دیکەش پەیوەندی بەو وڵاتانەی کوردەکانی بەسەردا دابەشکراون، ئەمە جگە لەو ئاستەنگانەی پەیوەندی بەسیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندی بەناوچەکە و وڵاتەکانیانەوە هەیە.
ڕەنگە گرنگترین شتێك لەم لایەنەدا هەبێت ئەوەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەربارەی کێشەی کورد تەوافوقێکی گشتگیری لە چوارچێوەدا نیە بەتایبەتیش لە مەسەلەی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، یان لەسەر ئاستی هەروڵاتێکدا، بەعیراقیشەوە کە وادەردەکەوێت بارودۆخی کوردەکان وەك ئەوە وابێت لەبەردەرگای دەوڵەتێکی کوردی لە باکوردا ڕاوەستابن.
ئەو ئاستەنگانەشی کە ڕوبەڕوی کوردەکان دەبێتەوە لەلایەن حکومەتەکانی ناوچەکەوە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەو حکومەتانە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆدانیان پیادا نەناون، بەڵکو خزێنراونەتە ناو چوارچێوەیەکی ئیسلامی لە ئێران، و تۆرانی لە تورکیا و عەرەبی لە سوریا، بە پێچەوانەی بارودۆخیانەوە لە عیراق بەو پێیەی لێرە ڕێکخراوترن لە کیانێکی کوردیدا و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە چوارچێوە عیراقێکی فیدراڵی هاوبەشن.
ئەو ئاستەنگە تایبەتیانەشی کە ڕوبەڕوی تەماحی کوردەکان دەبێتەوە گرنگترینیان لێکهەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی کوردییە چ لەسەر ئاستی گشتی یان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ناوخۆیی.
هەڵوەشاندنەوەکەش لە هەڵوەشاندنەوەیەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و تائیفیەوە دەستپێدەکات تاوەکو هەڵوەشاندنەوەیەکی عەشایەری، کە هەموو ئەمانەش وەهایانکردوە زەمینەیەکی گشتی نەبێت بۆ تەوافوقاتە کوردییە هاوبەشەکان کە لەدروشمەکانەوە دەربچێت بۆ چارەسەرکردنی واقیع.
ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەبێت کە کۆمەڵێك بارودۆخی پەیوەست بە کورد و کێشەکەیانەوە لەناوچەکەدا بارودۆخی مەوزوعین، و پێویستیان بە کات هەیە بۆ رزگاربون لێی ئەویش بەهاوکاریکردنی کوردەکان و ئەوانی دیکە بە تایبەتیش ئەو گروپە نەتەوەییانەی ناوچەکە لە چوارچێوەی کەشێکی نێودەوڵەتی گونجاودا.
بۆ زاڵبونیش بەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە تایبەتە بەکوردەکانەوە لەسەر ئاستێکی گشتی چ لەناوچەکەدا و چ لەسەر ئاستی هەر دەوڵەتێك، بە پلەی یەکەم لێپرسراوێتی کوردەکانە، بنەڕەتی ئەمەش دروستکردنی ئەو هاوبەشانەیە کە لەسەر ئاستی پێدراوە واقیعیە

سیاسی وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان ئەویش لەڕێگای چەندین شێوازی لێکتێگەشتن ونزیکبونەوە لەنێوان هەموو گروپ و کۆمەڵە کوردییەکان،کێشە جیاوازەکانیش ڕەوانەی داهاتو بکرێت چونکە هەر بە تەنها لە توانای ئەودایە بە دوایدابچێت و چارەسەری بکات،ئەویش بە بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی کە هاوڕاییەك لەسەری هەیە لەڕێگای بەرنامەیەکی عەمەلییەوە.

ئەوەی شوێنی گومانیش نیە ئەوەیە بۆ گەیشتن بەو ئاستی بەشداریکردنە ،ڕێگاکە لەبەردەمی کوردەکاندا کورتتردەکاتەوە،ئەمەش بەمانای کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و موعاناتەکانیان دێت و ڕوە و ئاما نجەکانیان هەنگاو دەنێین، ئەمە جگە لەوەی چەندین ڕێگاو ئالیەتی وەها دروستدەبێت کە یارمەتی کورد وئەوگەلانەش دەدات کە لەگەڵ کورددا دەژین ( چ تورك یاخود عەرەب یاخود فارس یان هەموو ئەوانی دیکە )بۆ گرتنە بەری ڕێگایەکی تازە وعەمەلی وەها کە چارەسەری ئەو بابەت و مەسەلانە بکات کە پەیوەستە بە ژیانی ئێستا وداهاتویانەوە،و لە موعاناتی هەموشیان کەمدەکاتەوە و وەهایان لێدەکات لەیەکەوە نزیکتر بن.

*نوسەرێکی سورییە

سەرچاوە/

الحیاە/ 4/18